# ئەو پەیمانەی لە دڵەوە هەڵدەقوڵێن

حەمەسەعید حەسەن

ئەوە شتێکی چاوەڕوانکراوە کە شۆڕەسوارانی براکوژی، داڵدەی قارەمانانی ئەنفال بدەن. کەسانێک داڵدەی ئەوانەش بدەن کە گەمەیان بە (گیان)ی هاوولاتییان دەکرد، ئیدی کەی سەیرە، داڵدەی ژنێک بدەن کە گەمەی تەنیا بە (سامان)ی نیشتمان دەکرد؟ بە ڕاست خەزرەجی کە سەرانی کورد شێلگیرانە داکۆکییان لێ دەکرد، چی بەسەر هات؟ ترسی ئەوەم هەیە جەعفەر بەرزنجیش، وەک ئەو خۆی بزر بکات و دەستی سزای نەگاتێ.

هەموو توانای هەموو دەسەڵاتێک تەرخانە بۆ بە کۆیلەکردنی تاکەکانی کۆمەڵ. حیزب کە شێوەیەکە لە شێوەکانی دەسەڵات، مێشکی ئەندامەکانی دەسڕێتەوە و دەیانکاتە کۆیلەی ئەو سیاسەتەی پێڕەوی دەکات. ئەندامی حیزب کە کۆیلەیەکی مێشکشۆراوەیە، ئینسانبوونی خۆی لە دەست دەدات و لە کارگەی حیزبدا، ئامێر ئاسا هەڵدەسووڕێت. هەر بۆیە کە حیزب جاڕی شەڕی ناوخۆ دەدات، ئەندام تەقەی خۆشی دەکات! کە بارزانی بەعس دێنێتە سەر ینک، ئەندام چەپڵەی بۆ لێ دەدات! کە دەڵێت: هەر کۆبوونەوەیەک منی لێ نەبم، تاڵەبانی دەتوانێت، بە ناوی منیشەوە بپەیڤێت، ئەندام چەپڵەی بۆ دەکوتێت! تەنانەت حیزب کە قاپیی ئامێزی پڕ لە سۆز، بۆ ئەنفالچییانیش واز دەکات، ئەندام داکۆکی لێ دەکات!

کە ئەمریکا پەلاماری تالیبان دەدات و ڕێبەر لایەنی ئەمریکا دەگرێت، ئەندامی بەستەزمان سەنگەری بوش هەڵدەبژێرێت. کە ئەمریکا پەلاماری بەعس دەدات و لیدەر! (Leader) لایەنی بەعس دەگرێت، ئەندامی قەڵەندەر بە سەنگەری سەددامەوە پەیوەست دەبێت! ئەگەر ئەندام کۆیلەیەکی گوێڕایەڵ نەبێت، چۆن کەسێک مافی ئەوەی دەبێت، (28) ساڵ سکرتێری حیزب بێت؟ سکرتێری حیزبێکی خێڵەکی نا، هی حیزبێکی پۆستمۆدێرنی سۆسیال دیموکرات! ئێران ڕژێمێکی تیرۆریست نەبووایە، ئێستاش د. قاسملوو سکرتێری حدکا دەبوو.

لە ڕوانگەی حیزبەوە کە کاڵتە بە ئاوەزی ئەندام دەکات، ئینسان کاڵفامە و پێویستی بە ڕێنوێنی هەیە، هەر بۆیە کە سەرۆک دەستی لە دەسەڵات گیر دەبێت، تا هەناسە بدات، دەستی لێ بەر نادات، مەگەر ڕاو بنرێت. لە باشووری کوردستان نەک هەر تەنیا ڕێبەر بە درێژایی ژیانی هەر ڕێبەر دەبێت، بەڵکوو پێ دەچێت پەرلەمانتاریش تا بژی هەر ئەندامی پەرلەمان بێت!

وەک چۆن هەموو هەوڵی حیزب بۆ ئەوەیە، ئینسان بکات بە ئەندام، یان ڕاستتر، بە ئامێر، پێویستە هەموو هەوڵی ئینسانیش بۆ ئەوە تەرخان بێت، ڕێ نەدات بکرێت بە ئەندام، یان ڕاستتر، بە کۆیلە. هێندە بەزەییم بە ئەندامی حیزبدا دێتەوە، بۆکرووز لە جەرگمەوە هەڵدەستێت. ئێمە وەک ئینسانێکی ئازاد لە دایک دەبین، ئەوە حیزبە دەمانکاتە دڕندەیەکی کۆیلە.

2003. 05. 22